# وەهمی وڵات ئارامی یەکێتی و پارتی

**ئاسۆ عەبدوللەتیف**

پەرژو بلأوی گوتاری سیاسی کوردو زۆری ئەو میمبەرە سیاسی ودبلۆماسیانەی کە بەحساب تیۆریزەی سیاسی تیادا ئەکەن، ئەوەندە تێك چوە لە کوردستاندا مەحاڵە بتوانین دەزوولە ستراتیجیە نەتەوەییەکان لە سەر ئاستی نەك کوردستانی گەورە بەڵکو کوردستانی عێراقیش دەستنیشان بکەین، ئەو میمبەرانە دەشێت هەمووپرەنسیپەکانی نەتەوە و قازانجە نیشتیمانیەکانیش بە حسابی خۆی لەخۆبگرێت وەلێ چونکە ئایدۆلۆژییە و ئۆرگەنایز نییە دواجاربەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیش ئەباتەوە بۆ ماڵی مەکتەب سیاسی حیزب کە کورد سەدان مەکتەب سیاسی هەیە بێئەوەی سیاسەت و ئەجێندایەکی رۆشنی هەبێت، گوتاری رێخراوی ئۆرگەنایزمان بۆچی نیە؟ لەکاتێکدا دەیان حیزبمان هەیە بانگەشەی نەتەوەبوون وستراتیجی نەتەوەیی ئەکەن هەمو فرەدەنگی وفرەمیمبەریەك بێ ئەجێندایەکی سیاسی نەگۆرو بنەمایەکی قانونی، فرەگوتاریەکی نامەنهەج وناعەقلانی دروست ئەکات وبەدوایدا زیانی مادی وزیانی مەعنەوی‌و رۆحیش ئەخاتەوە،مەسەلەی فیدراڵی کوردو ریفراندۆم وهەژمونەسیاسی وعەسکەری‌و فەرهەنگیەکانی عەرەب و تورك و فارس و ئەوانی دی پێویستیان بەروئیای رۆشن هەیە،جارێ فیدراڵیەتەکەمان تەئجیلەولەژێرجەبری پرسیارەکاندایە،لەکاتێکداپەرلەمان بریاری لەسەرداوەوکۆدەنگی کوردیشی لەسەرەوئیتر ئێمەبۆدەبێ بەردەوام گوێ قۆلاخ بین بۆگومان ودڵەراوکێی دوژمنان وتەفسیرەتاریك وشۆڤێنیەکان؟ ولأتێکی وەکو ئەمریکا خۆی گەورەترین گومانە بۆکورد،سەرباری ئەو هەموودڵساف ودلسۆزی‌و تەسلیمەی کورد تائێستا نێوانی کوردو ئەمریکا کاریتەیەکە لەسۆزو خەیاڵدانێکی عاتفی نەك نوسراوو پرۆتۆکۆلێکی رەسمی، دڵمان خۆشەو ئەیکەینە هەواڵ کە کوردەکانی ئەمریکاش دەنگ بۆ بۆش ئەدەن وەك ئەوەی بۆش دەوڵەتی کوردی دروست کردبێ وخێرا بۆ پاداشتی ئەم دەنگدانە کوردیە کەرکوك بخاتەوە سەر هەرێمی فیدراڵ و لە چنگی تەعریب وتورکیزم رزگاری بکات ! لێرەوە هاوکاتی دەستوریزەکردنی قانون وئەحکامەکانی عێراق حەقیەتی کورد بیرێك لەپرەنسیپە نەتەوەیەکانی خۆی بکاتەوە بەئاراستەی وازهێنان لەشیعاری سواوی حیزبی سەری رەش و قەلاچوالان، ناکرێت بەرژەوەندی بەئارەزوی خۆی یاری بەچارەنوس ومەکانەی سیاسیمانەوە بکات، هەروەك یەکێتی وپارتیش وەك دوحیزبی دەسەلأتداری کوردی باوازبهێنن لەدبلۆماسیەتی موزەیەفی دەرەکی وەرنەوە نێومالی خۆمان بزانن لەچ شپرزەییەکی سیاسی وسەرگەردانیەکی فکریدا ئەژین، چۆن ناسیۆنالیزمی دەوروبەر خەریکی چنینی فێڵی نوێن بۆمان کوردستان ئەو ئارامە نییە کە ئێمە لە سەر شاشەی تیڤییە حیزبیەکانەوە بەدەمیەوە پێئەکەنین،ئارامی سیاسی یانی ئارامی جوگرافیای نەتەوەیی یانی کۆکردنەوەی سەرجەم دەنگە کوردیەکان بە کەرکوك و خانەقینیشەوە.